**نەشتەر**

د. رەوشت رەشید

## پزیشکی سڕکەر ... سەربازێکی وون.

زۆرن ئەو پسپۆری وبوارە زانستی ومرۆییانەی کە لە دونیای ئەمرۆدا جێگەی گرنگیپێدان و رێزلێنانن و، هەمیشە ریزی پێشەوەی بایەخ پێدان دەگرن، کەچی لە لە کوردستاندا نەوەك هەر ئەو گرنگیەیان نیە بەڵکو لە پشتی پشتەوەی پسپۆری وبوارەکانی دیکەوەن، رێك وەك ئەوەی کورد سوێندی خواردبێت کە هەمیشە بە پێچەوانەی رەوتی پێشکەوتنەوە سەوڵ لێبدات و هەرچیەك لە دونیا جێگەی سەرنج وگرنگیپێدان بێت، لای ئەو جێگەی بێنرخکردن وبەپەراوێزکردن بێت.

نامەوی ناوی هەموو ئەو زاست و پسپۆریانە بێنم کە لای ئێمە بێنرخ کراون و چونەتە خانەی وەلانانەوە، بەڵام بەلامەوە گرنگە قسە لەسەر یەکێك لەو پسپۆریانە بکەم، ئەویش زانسی (سڕکردن) واتە (تەخدیرە) . بەشی سڕکردن لە زانستی پزیشکیدا یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگ وسەرەکیەکانی ناو ئەو بوارەو بەردەوام جێی لێکۆڵینەوەو بەدوواداچوون بووە، چونکە لە سەرجەم ئەو نەشتەرگەریانەی کە لەژێر بەنجی گشتیدا دەکرێن، ژیان و دوارۆژی نەخۆش دەوەستێتە سەر راددەی پێشکەوتنی ئەو زاستەو ئاستی زیرەکی و کارامەیی پزیشکی سڕکەر، هەربۆیەش ئەو پزیشکە (ئەوەی لەکاتی نەشتەرگەریدا بەنج دەداتە نەخۆش) هەمیشە جێگەی رێزلێنان وگرنگی پێدان بووەو، خودی زانستەکەش بە تێکرا وەکو زانستێکی هەستیارو گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

پزیشکی سڕکەر ئەو پزیشکەیە کە لەکاتی ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەریەك دەبێت پێش هەر هەموو پزیشکانی تر لە هۆڵی نەشتەرگەری ئامادە بێت و، دوای تەواو بوونی نەشتەرگەریەکەش لەدوای هەموو پزیشکانی تر هۆڵی نەشتەرگەری بەجێبهێڵێت. پزیشکی سڕکەر دەبێت پێش هەر نەشتەرگەریەك سەرجەم ئەو نەخۆشانە ببینێت کە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام دەدرێت و، دەبی لە ئەنجامی پشکنینە پزیشکیەکان و باری تەندروستی هەموو نەخۆشێك دڵنیا بێت ئنجا بەنجی پێبدات. هەر ئاڵۆزی ومەترسیەکیش بۆ سەر نەخۆش بێتە ئارا لە کاتی بەخشینی بەنجەوە تا بەهۆش هاتنەوەی، هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکی سڕکەر. (تەنها ئەو هەڵە کوشندانە نەبێت کە پزیشکی نەشتەرگەر دەیانکات و پەیوەندیان بە سڕکەرەوە نیە) ، هەرئەمەشە وایکردووە لە وڵاتانی دیکەدا پزیشکی سڕکەر هەمیشە ئیمتیازاتی زیاترو رێزی زیاتری پێشکەش بکرێت و، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سەندیکایەکی یاسایی هەیە کە بەرگری لە مافو داواکانی ئەم بەشەی پزیشکان دەکات.

لەکوردستان کە بەرپرسیارێتی وئەرك وناسۆریەکانی پزیشکی سڕکەر زۆر زیاتریشن لە هی پزیشکانی وڵاتانی دیکە، کەچی تا ئێستا وەکو پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەم بەشەو لەگەڵ پزیشکانی ئەو بەشە نەکراوە. لە کوردستان زۆرجار پزیشکی سڕکەر لەبەر کەمی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو بوارە پسپۆرن، ناچاربووە زیاد لە تواناو لەماوەی یاسایی خۆی کار بکات و، ئیسراحەتی زۆر کەمتر بێت لە پزیشکانی دیکە. لەلایەکی دیکەوە زۆر جار پزیشکی سڕکەر لە هۆڵی نەشتەرگەری کە نەخۆش ئەبینی وئەزانی باری تەندروستی نالەبارەو بەرگەی بەنج وەرگرتن ناگرێت، بۆیە بریار دەدات بەنج نەداتە نەخۆشەکە، زۆرجار ئەمە

وا دەكات نەشتەرگەرەكان تورە ببن و هەندی جار ناخۆشی ودەمەتەقێی توندی لێدەكەوێتەوە، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر هەر ئالۆزیەك یان گرفتێك لەكاتی نەشتەرگەری یان دوای تەواو بوونی نەشتەرگەری رووبدات و ژیانی نەخۆش بكەوێتە مەترسیەوە، ئەوا نەشتەرگەرەكان (لەگەڵ رێزم بۆیان) كە هەمیشە خۆیان بە قارەمان وپاڵەوانی هۆڵەكانی نەشتەرگەری دادەنێن، وەك موی ناو ماست خۆیان لە كێشەكە دەكێشنەوەو، دەیخەنە ئەستۆی پزیشكی سڕكەر، نەنانەت ئەو گیروگرفت وبگرەو بەردەیەی كە لەگەڵ خاوخێزانی نەخۆشەكەش دروست دەبێت هەمووی دەخرێتە ئەستۆی پزیشكی سڕكەرەوە.

یەكێك لەو نمونانە ئەو كێشەیە بوو كە لەنێوان پزیشكێكی سڕكەرو بنەماڵەی یەكێك لە نەخۆشەكان رویدا. لەپێش نەشتەرگەریەكە بنەماڵەی نەخۆشەكە ئیمزا دەكەن لەسەر ئەوەی كە رازین بەوەی نەخۆشەكەیان بەنج وەربگرێت و تەحەمولی هەموو ئەنجامەكانی دەكەن. بەڵام دوای نەشتەرگەریەكە، كە نەخۆشەكە دەمرێت یەكسەر دەكەونە هەڕەشەی كوشتن لە پزیشكی سڕكەرو، دوای بگرەو بەردەیەكی زۆر بە پارە سولحی لەگەڵ دەكەن و، جار جارەش چاوی لێسور دەكەنەوە، بۆیە ناچار پزیشكەكە كوردستان بەجێدەهێڵێت. ئەم كێشەیە روو دەدات بێئەوەی سەندیكایەك یان دەزگایەكی یاسایی بچێتە ناو كێشەكەو بەرگری لە پزیشكەكە بكات.

ئیدی دەبینین كە گرفت وناسۆری وبەپرسیارێتیەكانی پزیشكی سڕكەر یەكجار زۆرن و، ئەوان ئەو بەشەی پزیشكانن كە دەبێ لە هەموو نەشتەرگەریەكدا ئەگەری هەڵنەستانەوەی نەخۆش و دەرەنجامەكانی لەبەرچاو دابنێن و، هەر بەتەنهاش بچنە ژێر باری. ئافەرینی هیچ سەركەوتنێك بۆ ئەوان نیەو، گرفت ودەرەنجامە خراپەكانی هەر نەشتەرگەریەك لە ئەستۆی ئەوانە. لەتەك هەموو ئەوانەشدا ئەوان وەك سەربازی وون كار دەكەن و كەس باسی ماندوو بوون وزەحمەتیان ناكات، هەر ئافەرین و دەسكەوت وناوبانگێك هەبێت بۆ پزیشكی نەشتەرگەرە. بۆیە پێویستە حكومەت چاوێك بە رۆڵ و ماندووبوونی پزیشكانی سڕكەر دابخشێنێتەوەو بیر لەوە بكاتەوە یاسایەك بۆ پاراستنی ماف وژیانیان دابنێت. هەروەها پێویستە كۆمەڵگاو تاكی كوردیش بەچاوێكی بەرزو بەرێزتر بڕوانێتە پزیشكی سڕكەر، چونكە بەبی ئەوان ئەنجامدانی هیچ نەشتەرگەریەك مومكین نیەو، بەبی زیرەكی وماندووبوونی ئەوان سەركەوتنی هەموو نەشتەرگەریەك لەبەردەم هەڕەشەدایە.

rawisht@dr.com